# هۆکارێک بەدی ناکرێ بۆ گۆڕینی شۆستە

ئاگۆتا کریستۆف
لە فەرەنسییەوە: سەلاحەددین بایەزیدی
(سویسرا)



(١)
لە نێو زەردەپەڕی لاسەنگ بوودا
مەلێکی ئازاد دەفڕێ لەولاڕا
لەسەر عەرز تەنیا چاندن هەیە
بێدەنگیی قووڵ و
چاوەڕوانیی
تاقەت بڕ

دوێنێ هەموو شتێ جوانتر بوو
مۆسیقای نێو دارەکان
شنەی نێو بسکەکانم و
لە نێو دەستە ئاوالاکانی تۆیشدا
خۆر

ئێستا بەفرە دادەکاتە سەر مژۆڵم
جەستەم
قورسە وەک گابەردێ
لێ هۆکارێ بەدی ناکرێ بۆ گۆڕینی شۆستە
هۆکارێکیش بەدی ناکرێ
لە بۆ ڕووکردنە چیاکان.

(٢)
**گیا**
دەمێک بوو ژاکابوو، شکابوو
لە نێو بەردە واز لێ هێنراوەکاندا دەمناسی
چاوی بە ژیان هەڵێنابوو
چونکە دەیویست تاق و تەنیا بژی و
ڕاکە ڕاکی هەورە پۆپە زێڕینەکان ببینێ

ڕۆژی دواتر کاتی نیوەڕۆ
خۆر بە چاوە ئاگرینەکانی نیگایەکی دزێوی تێ بڕی
برسێتی برستی لێ بڕی، بەلادا هات و مرد

ئەوسا با لە ناخی دڵ و
بە هێمنی لاواندییەوە

(٣)
**چاوەڕێت بووم**
لە کۆتایی ڕێگە چاوەڕێت بووم لە ژێر باران
سەرم داخستبوو، دەرۆیشتم و تەنانەت وەک بلێی
تۆشم دەبینی

بەڵام نەمدەتوانی دەستەکانت بگوشم

چاوەڕێت بووم لەسەر کورسییەک
سێبەری چەند داریّ کەوتبووە سەر تراوکەی فێنکەوەبوو
وەک نسێکەت ئەو کاتانەی هێدی هێدی نزیک
دەبوویتەوە

چاوەڕێت بووم جارێک لەسەر دوندی چیا
لقەکان قرچەیان دەهات ئەو کاتەی وا
لە پێش ڕوخسارت لا دەدان و پێت دەگوتم ناتوانی
بمێنیتەوە

لە بەستێنا چاوەڕێت بووم گوێم بە خاکەوە نووساندبوو
تەپەی هەنگاوەکانتم بیست
لە نێو لمی نەرم و پاشان بێدەنگییەک زاڵ بوو

چاوەڕێت بووم کاتێ شەمەندەفەرەکان لە دوورەوە هاتن و
مرۆڤەکان هەموویان چوونەوە ماڵێ
تۆ لە پەنجەرەڕا دەستت بۆ ڕاوەشاندم شەمەندەفەرەکە
ڕانەوەستا

## (٤)
## تەمموز

تەنوورەی هاوینەی ڕەنگین لەسەر چیمەن
داری سەیر بە ڕەنگی مۆر
پژانی شۆقی ئاماڵ قاوەیی بەسەر جادەی زەرد و
وەک لەچکەی سەر کیژۆڵەی بەژن زراڤیش
شەپۆلی غەمباری سووکەڵە هەورەکان

ئاگات لێیە لەم ساتەدا ئێمە تەنانەت لێرە نین
تەنیا خەونە بەم دیمەنەوە دەیبینین
لەسەر چیمەنی مێرگوزارەکانی جاران ڕاکشاوین
ئەو شوێنەی جووتێرەکان بە شێنەیی دروێنەیان دەکرد و
گوڵە چاوێشەکان دەکەوتن و دەمردن

## (٥)
## بۆ "پێرسینێ"

جەستەت
چاوە سوورەکانت
گوڵەکەت
پەڕە هەڵوەریوەکانی
ڤیژاندت
گریای
بە نێو دارستاندا ڕات کرد
لەوێوە گوڵێکت بۆ هێنام
سادە
سپی
تاقانە

گەر ئینجیلێکم هەبوایە
گوڵە وشکبووەکەی تۆم دەخستە نێو لاپەڕەکانی و
هەڵمدەگرت.

## (٦)
## نا بۆ مردن...

نا بۆ مردن
جاریّ نا
زوویە چەقۆ
زوویە ژار، زوویە زوو
خۆمم خۆش دەویّ هێشتاش
دەستەکانم خۆش دەویّ کە جگەرە دەکێشن
کە دەنووسن
کە جگەرە دەگرن
قەڵەم دەگرن
پەرداخ دەگرن.
دەستەکانم خۆش دەویّ کە دەلەرزن
کە هێشتاش خەریکی خاوێن کردنەوەن
کە دەبزوێن
نینۆکەکان ئێستاش دەڕوێن
دەستەکانم
چاویلکەکەم لە جێی خۆی دادەنێنەوە
تا بنووسم.

**ئاگۆتا کریستۆف، ژنە نووسەر، شاعیر، ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسی سویسری بەڕەگەز هەنگاری، ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩٣٥ لە گوندی "ژیسکڤاند"ی هەنگاریا لەدایک بووە. لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا، پاش ئەوەی شۆڕشی ١٩٥٦ی هەنگاریا لە لایەن سۆڤیەتەوە تێک شکێنرا، لەگەڵ مێردەکەی و منداڵە چوار مانگەکەی هەنگاریایان بەجێهێشت و لە بەشی فەڕەنسی زمانی سویسرا، لە شاری "نۆشاتێل" گیرسانەوە. ئاگۆتا، لەو شارە بچووکەی سویسرا، ڕۆژانە لە کارگەیەکی سەعاتسازی ئیش دەکا و شەوانە خەریکی نووسین دەبێ. دوای فێربوونی فەڕەنسی، زمانی ئاوارەیی و غوربەت، زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکانی بەو زمانە دەنووسێ.**

**ئاگۆتا کریستۆف بە شیعر و شانۆنامە دەستی بە نووسین کردووە و بە ڕۆمان بەردەوام بووە. هەندێک لە کتێبەکانی بریتین لە:**

**- دەفتەری گەورە، ڕۆمان، (١٩٨٦).**
**- بەڵگە، ڕۆمان، (١٩٨٨).**
**- سێیەم درۆ، (١٩٩١).**
**- دوێنێ، ڕۆمان، (١٩٩٥).**
**- نەخوێندەوار، ژیاننامە، (٢٠٠٤).**
**- جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە (کۆمەڵە چیرۆک - ٢٠٠٥).**
**- تۆ لە کوێی ماتیاس؟، شانۆنامە، (٢٠٠٦).**

**ئاگۆتا کریستۆف، ساڵی ٢٠١١ لە شاری نۆشاتێل کۆچی دوایی کردووە.**

**سەرچاوە:**
**- Agota Kristof, Clous, Zoé, 2016.**